# سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستان
# لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی کۆماری تورکیادا ١٩٢٣-١٩٤٥

**دکتۆر سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا**

**samanrasheed84@gmail.com**

**دکتۆرا لە مێژووی عوسمانی- زانکۆی ئەستەموڵ**

**مامۆستای ئامادەیی لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزوور**

**ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠**

**پوختە:**

کۆماری نوێی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر شوێنەواری دەوڵەتی عوسمانی فرە کلتور، ڕەگەز، زمان ونەتەوە دروستکرا. ئەو دەوڵەتە نوێیە، شوناسی جیاوازی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتە نوێیەکە لە: کورد، ئەرمەن، چەرکەسی لەبەرچاونەگرت، ڕەگەز و شوناس و زمانی تورکی کردە تاکە شوناسی دەوڵەت و کردییە بۆتەیەک و کەوتە هەوڵدان بۆ تواندنەوەی هەموو شوناسە جیاوازەکانی دیکە لە بۆتەی شوناسی تورکیدا.

چەندان بەڵگەنامەی کۆماری تورکیامان لەبەردەستە کە تایبەتن بە بڕیاری سانسۆرکردنی شوناسی کوردی(زمان، مێژوو وئەدەبیاتی کوردی) لە کۆماری نوێی تورکیادا، بەوجۆرە توێژینەوەکە ئامانجییەتی لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی کۆماری تورکیا و دەستور و یاساکانی کۆماری تورکیا لە پرسی سانسۆر و قەدەغەکردنی شوناسی کورد لەماوەی دیاری کراو لەو وڵاتەدا بکۆڵێتەوە. توێژینەوەکە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی دەگرێتەبەر بۆ نوسینی تەوەرەکانی. توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو باسی سەرەکی کراوە، لە باسی یەکەم سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستان لە ١٩٢٣-١٩٣٨. باسی دووەم سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستان لە ١٩٣٨-١٩٤٥.

**وشەی کلیلی: کۆماری تورکیا، کەمالییەکان، تاک شوناسی، شوناسی کورد، سانسۆر و قەدەغەکردن.**

**پێشەکی**

ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ز دا تەنها گۆڕانێکی سیاسی نەبوو لە فۆرمی ئیمپراتۆرایایەکەوە بۆ دەوڵەتێکی کۆماری، بەڵکوو گۆڕانێکی ڕیشەیی و بنەڕەتیش بوو لە ئاستی شوناسیشدا، بەجۆرێک، ئەگەر تاوەکو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی ئیمپراتۆریای عوسمانی، ئیمپراتۆریایەکی فرەشوناس، فرە ئیتنیک، فرە زمان و کلتور بووبێت، کە تێیدا سەرجەم شوناسە جیاجیاکان لەژێر چەتری ئیمپراتۆریای عوسمانی دا خاوەنی جۆرێک لە خودمختاری ئیتنیکی، کلتوری، زمانی بوون و کەم تا زۆر دەیانتوانی گوزارشت لە شوناس و زمان و کلتوری خۆیان کردبێت، لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاوکو چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم سەرەتاکانی دژایەتی شوناسە ناتورکەکانی ئیمپراتۆریاکە دەستی پێکردبێت، بەڵام دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئەم دەوڵەتە نوێیە

لە سەر بنەمای تاک شوناسی( شوناسی تورکی) دروستکراو، نەک هەر پشتی لە پرەنسیپی فرەیی و یەکتر قبوڵکردن کرد، بەڵکو بە گرتنەبەری چەندین میکانیزمی تیۆری( دەستور و یاساکان) و پراکتیکی(ئاگروئاسن) کەوتو وێزەی شوناسە جیاوازەکانی دیکە، لە نێویشیاندا شوناسی کوردی، بۆ توانەوەی لە بۆتەی شوناسی تورکییدا.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوەی لەبەر ڕۆشنایی زانیاریی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان لەڕووی زانستییەوە بایەخی زۆری هەیە، چونکە ئامادەکردنی توێژینەوە بەپێی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان لە لای ئێمە هێشتا باو نییە و کەمتر کاری لەسەرکراوە، لەبەرئەوەی خستنەڕوو و شرۆڤەی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامە فەرمی و بڵاونەکراوەکان لەمەڕ سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستان، دەتوانێت کۆمەکێکی باش بە پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستان لە لایەن کۆماری تورکیاوە بکات.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئەم توێژیەوەیە ئامانجییەتی، بە گەران بە نێو بەڵگەنامە فەرمی و سەرچاوە ڕەسەنەکاندا، وەڵامی بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە، کامانەن ئەو ڕێوشوین و میکانیزمانەی دام و دەزگاکانی کۆماری تورکیا لە ساڵانی (١٩٢٣-١٩٤٥)دا بۆ سانسۆرکردنی شوناسی کوردیی گرتوویانەتەبەر؟ ڕۆڵی هەریەکە لە حکومەتەکانی مستەفا کەمال و عیسمەت ئینۆنۆ لە یاساغکردن و سانسۆرکردنی هەموو شتێکی کورد لە باکوری کوردستان چی بووە؟

**میتۆدی توێژینەوە**

لە نوسینی ئەم تویژینەوەدا زیاتر سود لە میتۆدی ڕەخنەی مێژووی وەرگیراوە، لەهەندێک بابەتدا بەتایبەتی بەشێک لە زانیاری ناو بەڵگەنامەکان میتۆدی شیتەڵکاری بۆ تێڕامان و شیکردنەوەی بابەتییانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە پێڕەوو کراوە.

**دەروازە:**

ئەگەرچی کەمالییەکان تاوەکو ڕاگەیاندنی کۆماری نوێی تورکیا لە ٢٩ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٢٣ز خۆیان وانیشانداوە بە نیازن دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێنن، شانبەشانی شوناسی تورکی تێیدا شوناسی کوردیش دەناسێنرێت و ڕێزی لێدەگیرێت، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣ز، واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ١٩٢٤ لەلایەن کەمالییەکانەوە، ئیدی وردە وردە کەمالییەکان ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشانداوە. بەچەندین ڕیگە و میکانیزمی جۆراوجۆر دەستییان کردووە بە سانسۆرکردنی شوناسی کورد و هەوڵدان بۆ توانەوەی شوناسی کوردی لە بۆتەی شوناسی توركدا لە دیارترین ئەو میکانیزم و ڕیگایانەی کۆماری نوێی تورکیا بۆ سانسۆرکردنی شوناسی کوردی لە باکوری کوردستان گرتوویەتییەبەر دەکرێت ئاماژە بۆ ئەمانەی خوارەوە بکەین.

٢.١. سانسۆرکردنی شوناسی کوردی لە دەستورەکانی ١٩٢١ و ١٩٢٤دا.

دیاریکردنی هێڵی بنەڕەتی و بنەما سەرەکییەکانی شێوازی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵات و دەستنیشانکردنی فۆرمی دەوڵەت لە دیارترین کار و خەسڵەتەکانی یاسای بنەڕەتی( دەستور)ە. بە لەبەر چاوگرتنی گرنگی و بایەخی دەستور،

مستەفا کەمال هاوکات لەگەڵ سەر ڕێخستنی بزوتنەوەی ڕزگاری و بەرەنگاری تورکیا، لە ساڵی ١٩٢٠ەوە لە ناو ئەنجومەنی(مجلس مؤسسان)یشدا دەستی بە مانۆڕێکی سیاسی و یاسایی بۆ زەمینەسازکردن بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و دانانی دەستورێکی نوێ بۆ وڵات کردبوو.[1]

لە ئاکامی هەوڵەکانی مستەفا کەمال بۆ دانانی دەستورێکی نوێ، لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٢١دا یەکەمین یاسای بنەڕەتی(دەستور) بە ناوی(Teşkilat-ı Esasiye Kanunu)ی لە شاری ئەنقەرە لەلایەن ئەنجومەنی گەورەی میللی تورکیاوە پەسەندکرا، کە لە ٢٣ ماددە پێکهاتبوو و بە دەستوری ساڵی ١٩٢١ دەناسرێت.[2] ماددەکانی ئەم دەستورە لە ژمارە(١)ی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی فەرمی ئەنجومەی گەورەی میللی تورکیا لە ڕۆژی ٧ تشرینی یەکەمی ١٣٣٧ڕومی/ ٧ی شوباتی ١٩٢١زایینی بڵاوکراوەتەوە.[3] ماددەکانی ئەم دەستورە لە دوور و نزیکەوە خۆی نەداوە لە قەرەی دیارکردنی شوناسی دەوڵەتی نوێی تورکیا، بە وشەیەکیش باسی لە شوناسی نەتەوەیی بۆ کۆماری تورکیا نەکردووە.

بەر لە نوسینەوە و پەسەندکردنی دەستوری ساڵی ١٩٢٤ی کۆماری تورکیا، چەندان گۆڕانکاری سیاسی و مەیدانی گرنگ ڕوویاندا بوو، لەوانە: سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە جەنگی سەربەخۆیی و گێڕانەوەی ئیزمیر، هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢، نوێکردنەوەی هەڵبژاردنەکان و کۆبوونەوەی پەرلەمان(ئەنجومەن)ی دووەم، بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمان لەلایەن کۆماریخوازەکانەوە، ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ٣ی ئاداری ١٩٢٤ دا[4]، هاوکات لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانکارییانە، بوونی کەموکوڕی زۆر لە دەستوری ساڵی ١٩٢١ دا مستەفا کەمالی خستوتە سەر ئەو باوەڕەی پێویستە دەستورێکی نوێ بۆ کۆماری تورکیا بنوسرێتەوە و تێیدا بە پێی پێشهاتە سیاسییە نوێیەکان فۆرم و پەیکەری دەوڵەتی کۆماری تورکیا دابڕێژرێتەوە.

دوای چەندان گفتوگۆ و مشتومڕ لە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەی تورکیا، دەستوری نابراو لە ٢٠ی نیسانی ١٩٢٤ لەلایەن پەرلەمانی دووەمەوە پەسەند کرا. بەچەشنێک ئەم دەستورە کەموکورتییەکانی دەستورە(٢٤) ماددەییەکەی ساڵی ١٩٢١ چارەسەرکردووە، شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، لە پەسەندکردنی دەستووری ١٩٢٤دا بۆ یەکەم جار بنەمای زۆرینەی دوو لەسەر سێ پەیڕەو کراوە، ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا وەک تاکە نوێنەری نەتەوە، خاوەنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن ناسێندرا. بەڵام، بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی دیاریکراوەوە بەکار دەهێنرا، هەندێک تایبەتمەندی سیستەمی پەرلەمانیشی تێدا بوو. دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە

---

[1] Fahri Bakirci, 1924 Anayasası, https://ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/1924-anayasasi.

[2] Taha Akyol, Tarihi süreçte 1924 Anayasası, https://www.istdergi.com/tarih-belge/tarihi-surecte-1924-anayasasi .

[3] جریده رسمیە، تورکیە بویوک ملت مجلسی حکومتنک رسمی غزتەسی اولوب شمدیلک هفتەدە بردەفعە نشر اولنور، نومروسی ١، سنە ١. پازار ایرتسی، ٢٨ جمازی الاول ١٣٣٩. ٧ شباط ١٣٣٧.

[4] 1924 Teşkilat-I Esasiye Kanunu Genel Bilgiler, https://www.tbmm.gov.tr/anayasa/yirmi-dort-teskilati-esasiye-kanunu.

sjh@univsul.edu.iq

دەستووردا بە جیا ڕێکخرابوون. لە ماوەی کارپێکردنیدا، دەستووری ١٩٢٤، ١١ جار گۆڕانکاری تێدا ئەنجامدراوە. لە ١٩٢٤ەوە تا ١٩٤٥ پێنج جار گۆڕانکاری تێدا کراوە. زمانی دەستوور بە تەواوی بووە تورکی و ناوی " Teşkilatı Esasiye Kanunu" بۆ "Anayasa" گۆڕراوە.[5]

دەستوری ساڵی ١٩٢٤بە ژمارە (٤٩١) لە ڕۆژنامەی فەرمی کۆماری تورکیا لە ڕۆژی ٢٦/ ٥/ ١٩٢٤زایینی دا بڵاوکراوەتەوە. دەستورەکە لە شەش بەشی سەرەکی پێکهاتووە و بە کۆی گشتی لە (١٠٥) ماددەی سەرەکی لە خۆگرتووە، کەبەم جۆرە دابەشبووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ حوکمە گشتییەکان(Ahkâm-ı Umumiye) لە ماددەی (١-٨) پێکهاتووە. بەشی دووەمی دەستورەکە بۆ ئەرکەکانی یاسادانان(Vazife-i Teşriiye) تەرخانکراوە و ئەم بەشیش لە ماددەی(٩- ٣٠) پێکهاتووە. هەرچی بەشی سێیەمی دەستورەکەیە لە ماددەی(٣١-٥٢)ەوە پێکهاتووە و تەرخانکراوە بۆ ئەرکەکانی جێبەجێکردن(Vazife-i İcraiye). بەشی چوارەمی دەستورەکەیش تەرخانکراوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن(Kuvve-i İcraiye) لە ماددەی(٥٣-٦٧) پێکهاتووە. بەشی پێنجەمی دەستورەکەیش تەرخانکراوە بۆ مافە گشتییەکانی تورکەکان(Türklerin Hukuku Ammesi) لە ماددەی (٦٨- ٨٨) پێکهاتووە. کۆتا بەشی دەستورەکەیش کە بەشی شەشەمی دەستورەکە ناوی ماددە جۆراوجۆرەکان(Mevadd-ı Müteferrika)ی لێنراوە، لە مادەی (٦٩-١٠٥) پێکهاتووە.[6]

بە وردبوونەوە لە تەواوی ماددەکانی دەستوری ساڵی ١٩٢٤ی کۆماری تورکیا بۆمان دەردەکەویت، دەستوری ناوبراو نەک هەر شوناس و زمانی کوردی وەک ڕەگەزێکی پێکهێنەری بونیادی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتی ناو سنوری کۆماری تورکیا نەناساندووە، بەڵکو بە تەواوەتی خۆی بواردووە لە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسکردن لە شوناسی نەتەوە ناتورکەکانی ناو کۆمارەکە، لەوەیش زیاتر لە ماددەی دووەمدا(ئاینی فەرمی دەوڵەتی تورکیا، ئایینی ئیسلامە، زمانی تورکی زمانی فەرمی دەوڵەتی تورکیایە و شاری ئەنقەرەیش بارەگای دەوڵەتەکەیە.)[7] بەم ماددەیەیش نیشانی داوە، نەک تەنها زمانی تورکی بە زمانی فەرمی کۆماری تورکیا ناساندووە، بەڵکو بوونی شوناس و زمان و نەتەوەی جیاوازی جگە لە تورک لە چوارچێوەی کۆمارە نوێیەکەدا ئینکارکردووە. لەوەیش زیاتر لە ماددەی(١١) کە تایبەتە بە مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان، بەم شێوە هاتووە:" هەر کوڕە تورکێک سی ساڵی پڕکردبێتەوە مافی ئەوەی هەیە خۆی بۆ نوێنەرایەتی(مبعوث) بەربژێر بکات."[8] لێرەدا لە بری بە کارهێنانی چەمکی( هاوڵاتی کۆماری تورکیا) چەمکی( هەر تورکێک)ی بەکارهێناوە واتا تورکبوون جێگەی هاوڵاتیبوون دەگرێتەوە، ئەمەیش بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ناساندنی کۆماری تورکیای نوێ وەک کۆمارێکی تاک- شوناس و تاک- زمان.

لەوانەیش زیاتر، بە وردبوونەوە لە ناو و ناوەڕۆکی بەش و ماددەکانی دەستورەکەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە دەستورەکە چەند بە گیانێکی ڕەگەزپەرستانە و ڕەتکردنەوەی فرە-شوناسی و نەناساندنی ئەوی دیکەی نا-تورک(کورد- لاز- چەرکەس)وەکو هاوڵاتی کۆمارەکە نوسراوەتەوە، ئەوەتا ئامادەکارانی دەستورەکە لە ناونانی بەشی پێنجەمی

[5] 1924 Teşkilat-I Esasiye Kanunu Genel Bilgiler, https://www.tbmm.gov.tr/anayasa/yirmi-dort-teskilati-esasiye-kanunu.

[6] رسمی جریده، تورکیه جمهوریتنک رسمی غزتەسیدر، جمعه ایرتسی، ٢١ شوال ١٣٤٢/ ٢٤ مایس ١٣٤٠، نومرو:٧١، سنه: ٢، صحیفه ٤-٧.

[7] مادە-٢ لە دەستوری ١٩٢٤، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ٤.

[8] هەمان سەرچاوە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەستورەکەدا بێ سڵەمینەوە لە نیشاندانی تێزی ڕەگەزپەرستی ناوی بەشەکەیان ناوە" مافە گشتییەکانی تورکەکان" واتا لە بری مافە گشتییەکانی هاوڵاتیان یان هاونیشتیمانیان، هاتوون تورکەکانیان بەکار هێناوە، واتا ویستوویانە بڵێن تەنها تورکەکان لە ناو کۆماری تورکیادا ماف و ئازادییان هەیە. لەم بەشەدا بە گوزارشتی ڕوون ئەم دیدگا ڕەگەزپەستانەیانەی خۆیان سەپاندووە. لە ماددەی(٦٨) کە یەکەم ماددەی بەشی پێنجەمی دەستوورەکەیە نووسیویانە:" هەموو تورکێک بە ئازادی لەدایک دەبێت و بەئازادی دەژیێت..." لە ماددەی (٦٩) دا " لە ڕوانگەی یاساوە تورکەکان یەکسانن، پێویستە لەسەریان پارێزگاری لەیاساکان بکەن." هەر لەم بەشەدا و لە ماددەی (٨٧)دا نوسیوویانە:" خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموو تورکەکان ناچارییە، لە قوتابخانە حکومییەکاندا بە خۆڕاییە." هەروەها لە ماددەی (٨٨)ی دەستوورەکەدا نووسیویانە:" خەڵکی تورکیا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاین و ڕەگەز، لەڕووی هاوڵاتیبوونەوە هەموویان تورکن"[9] ئەمە گوزارشتێکی ڕوونە بۆ بە تورک ناساندنی هەموو دانیشتوانی نیشتەجێی ناو کۆمارەکە و ڕەتکردنەوە، سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی هەر شوناسێکی دیکەی نا-تورکی لە تورکیا. دەکرێت ئەو ماددانە، لەلایەک ئاماژەیەکی ڕوون بێت بۆ بە فەرمی نەناساندن و قەدەغکردن و سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستانی نیشتەجێی کۆمارەکە، لەلایەکی دیکەیش سازکردنی زەمینەیەکی دەستووری و یاسایی بێت بۆ دام و دەزگاکانی دەوڵەت و پێدانی دەسەڵاتی دەستوری بۆ بەگەڕخستنی هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ توانەوەی شوناس و مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە بۆتەی شوناسی تورکیدا. هەر ئەم زەمینە دەستورییەیشە وایکردووە، وەک لە دواتردا دەبینین چۆن لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بە یاسا کار لەسەر سانسۆرکردنی هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە شوناس، زمان و مێژووی کوردەوە کراوە.

**١. سانسۆرکردنی شوناسی کوردی لە سەردەمی سەرۆکایەتی مستەفا کەمال دا (١٩٢٣- ١٩٣٨)**

شانبەشانی هەموو ئەوە ڕێوشوێنە توندانەی کۆماری تورکیا، کە لە ناوخۆ بۆ سانسۆرکردنی شوناسی کورد لە باکوری تورکیا گرتوویەتییەبەر، لەپاڵ ئەو هەوڵانەی لە سەرەوە باسکران سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ژمارەیەک لە یاسا کراپێکراوەکانی کردۆتە دەسکەلای خۆی بۆ سانسۆر و قەدەغەکردنی هەموو ئەو چاپکراو و چاپەمەنییانەی لە ناوە و دەرەوەی سنوری کۆماری تورکیا لەبارەی کوردەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەو یاسایانە ویستوویانە ڕێگری بکەن لە بڵاوبوونەوەی هەر شتێکی پەیوەندیدار بە شوناسی کوردەوە. لە دیارترین ئەو یاسایانە دەتوانین لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین.

**١.٤.١. ئەو یاسا و ڕێسایانەی لەسەردەمی ئەتاتورکدا سانسۆری کوردییان پێکراوە**

**١.١.٤.١. یاسای تقریر سکون**[10]

کاتێک عیسمەت ئینۆنۆ، لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی فەتحی بەگ لە ٣ی ئاداری ١٩٢٥ دا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت ڕاسپێدرا، ناوبراو لە ٤ی ئاداری ١٩٢٥دا بەرنامەی کاری کابینەکەی لە پەرلەماندا خوێندەوە و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا، لەهەمان ڕۆژدا عیسمەت ئینۆنۆ ڕایگەیاند، ناچارن بەهۆی ڕووداوەکان و ئەو دۆخەی وڵاتی تێکەوتووە، بەبیانووی پاراستنی ئاسایش و ئارامی خەڵک، ڕیگریکردن لە تێکدانی تەونی کۆمەڵایەتی لەلایەن هێزە

[9] ماددەی(٦٨، ٦٩، ٨٧، ٨٨) لە دەستوری ١٩٢٤ تورکیا، بڕوانە: رسمی جریده، تورکیە جمهوریتنک رسمی غزتەسیدر، جمعە ایرتسی، ٢١ شوال ١٣٤٢/ ٢٤ مایس ١٣٤٠، نومرو:٧١، سنە: ٢، صحیفە ٦-٧.
[10] مەبەست پشت ئەو یاسایە، کپکردن و سەرکوتکردنی هەر نارەزایی و نەیارییەک بووە بە هێز.

کۆنەپارێز و توخم و ڕەگەزە ئاژاوەچییەکان، پاراستنی بنەماکانی شۆڕش و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی پیرۆزییە ئاینییەکان بۆ هاندانی خەڵک لە دژی شۆڕش، ڕێکخستن و پرۆژە یاسایەک دابرێژین، کە لە مێژووی نوێی تورکیادا بە "یاسای تقریر سکون- Takrir-i Sükün kanunu" ناوبانگی دەرکردووە. پرۆژەی پێشنیارکراو پێکهاتبوو لە دوو برگە، یەکەم هەرکەس، گروپ، ڕێکخراو، بڵاوکراوەیەک خەڵکی بۆ کۆنەخوازی، شورش و تێکدانی ئەمن و ئاسایشی و خەڵک لە دژی دامودەزگاکانی حکومەت هانبدات ئەوا دوای پەسەندکردنی سەرۆک کۆمار ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە دەدرێتە دادگای سەربەخۆ( İstiklal Mahkemesi). دووەم، ماوەی ئەو یاسا بۆ دوو ساڵ دەبێت.[11]

ئەم ڕاسپاردەی حکومەتە لە پەرلەماندا ڕێگەی بۆ گفتوگۆ و مشتومرێکی جدی کردەوە، ئەندام پەرلەمانە تەرەقیپەروەرەکانی پارتی کۆماری دژی ئەم پرۆژە یاسا وەستانەوە و بەپێچەوانەی دەستور دایانە قەڵەم، ترسی خۆیان نەشاردەوە لەوەی دەسەڵات ئەم یاسا بکاتە دارەدستی خۆی بۆ سەرکوتکردن و بەرتەسکردنەوەی ماف و ئازادییەکان و دەمکوتکردنی ڕاگەیاندنەکان. لەبەرامبەردا لایەنگرانی ئەم پرۆژە یاسایایە پێیان وابوو کە ئەمە پێچەوانەی دەستور نییە، بەڵکو بۆ زامنکردنی ئاسایشی ناوخۆ و کوژانەوەی شورش و ئاژاوە لە وڵاتدا کارێکی پێویستە. لە ئاکامدا پەرلەمان لە ٤ی ئادار دا ئەم ڕاسپاردەی پەسەند کرد.[12]

ئەگەرچی لەبنەڕەتدا ئەم یاسا بۆ دوو ساڵ بوو، بەڵام ئەم یاسا ماوەی چوار ساڵ بەرکار بوو لە ٤ ئاداری ١٩٢٥ تاوەکو ٤ ئاداری ١٩٢٩ کارپێکراوە، ئەم یاسا بۆ ئەوە دەرکرا کە دەسەڵاتێکی فراوان و لەڕادەبەدەر بە دەسەلات بدات تاوەکو کێی بوێت بیدات بە دادگا و تووشی لێپێچینەوەی یاسایی بکات. یاساکە لە سێ مادده پێکهاتبوو، کە بە کورتی بەمجۆرەی لای خوارەوە بووە:

**ماددەی یەکەم بەکورتی:** بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسایش لە بەرامبەر کاردانەوە دواکەتووگەرایی(کۆنەپارێز) و یاخیبوون و ئەوانەی کە نەزمی کۆمەڵایەتی تێکدەدەن، حکومەت بە ڕەزامەندی سەرۆک کۆمار دەتوانێت ئەو ڕووداوانە قەدەغە بکات. ئەنجامدەرانی ئەو ڕووداوانە، لەلایەن دادگای سەربەخۆییەوە دادگایی دەکرێن.

ماددەی دووەم: لە ماددەی دووەمدا هاتووە کە یاساکە بۆ ماوەی ٢ ساڵ بەرکاردەبێت، واتە تا ٤ی ئاداری ١٩٢٧. بەڵام دواتر ئەم مادەیە هەموارکرایەوە، کارپێکردنی بۆ ٢ ساڵی دیکە درێژکرایەوە. یاساکە لە ٤ی ئاداری ١٩٢٩ هەڵوەشێنرایەوە.

**ماددەی سێیەم:** ڕایدەگەیەنێت کە یاساکە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن(اجرا وکیللری- İcra Vekilleri)ەوە جێبەجێ دەکرێت. لەو سەردەمەدا(İcra Vekilleri)دەستەی جێبەجێکاری حکومەت( واتا ئەنجومەنی وەزیران) بوون.[13]

ئەم یاسایە دەسەڵاتێکی فراوانی بە دەوڵەت بەخشیوو دەوڵەتێش درێغی نەکرد لە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی ئەم کە ئەم یاسایە پێیبەخشیبوو، ئەم یاسایەی کردە ئامرازێکی گەورەی سانسۆر و قەدەغەکردن و سەرکوتکاری

[11] İhsan Güneş, Takrir-i Sükûn Kanunu, https://ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/takrir-i-sukun-kanunu/ erişim tarihi: 18.12.2024.

[12] İhsan Güneş, a. g. m

[13] Takriri Sükun Kanunu Nedir ? Takriri Sükun Neden Çıkarıldı ?https://tarihnotum.com/turkiye-tarihi/takriri-sukun-kanunu-nedir-takriri-sukun-neden-cikarildi/

نەیارەکانی، لەو چوارچێوەیەشدا، یەکەم بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی ئەم یاسا پێیدابوو، هەستا بە بەکارهێنانی ئاگروئاسن بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥و شۆڕشەکەی سەرکوتکرد. هەر بەوە نەوەستا، بەڵکو ئازادی بیرورا، ئازادی چاپەمەنی و ئازادی ڕێکخراوەیی کە هێشتا لە وڵاتدا دەستییان پێنەکردبوو سانسۆریکردن و بەرتەسکیکردنەوە، چونکە بە پشتبەستن بە ماددەکانی ئەو یاسایە لە ٦ی ئاداری ١٩٢٥ دا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو:(توحید افکار، استقلال، سۆن تلگراف، ئایدنلک، ئۆراک چەکیچ، سبیل الرشاد، سەدای حەق، استقبال و قهقهە)ی داخست. هەروەها نەیارانی حکومەتی لە نموونەی ڕۆژنامەنووسانی نەیاری وەکو: ئەحمەد ئەمین(یلْمان)، ئەحمەد شوکرو(ئەسمەر)، سوبحی نوری دا لە دادگاکانی دادگای سەربەخۆیی دادگاییکرد. ڕۆژنامەنووسی ناودار حوسەین جاهیدی لە دادگای سەربەخۆیی ئەنقەرە ڕەوانەی مەنفایان کرد بۆ چوروم. هەروەها فیرقەی تەرەقیپەروەری کۆماریيان(Terakkiperver Cumhuriyet Fırkası)[14] داخست و بەوەش کۆتاییان بە قۆناغی فرەپاتێتی هێنا و ڕێگرییان کرد لە گەشەسەندی ئۆپۆزسیۆن و ڕیشەی تاکپارتێتی دەسەڵاتیان دارشت.[15]

وەک لە پێشەوە نیشانی دەدەین دەوڵەت بە پشتبەستن بەو دەسەڵاتەفراوانەی ئەو یاسایە پییدا بوو، کەوتۆتە سەرکوتکردنی نەیارەکانی لەلایەک، سانسۆرکردنی هەموو ئەو هەوڵە کلتوری و ڕۆشنبیرییانەی جودا لە شوناسی زاڵ کاریان بۆ نیشاندنی شوناسی کلتوری و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی دیکە کردووە لە نێویشیاندا شوناسی کوردی، بەنموونە بەگوێرەی ماددەکانی ئەم یاسا دەوڵەت هەستاوە بە سانسۆرکردنی:

بەپێی فەرمانێکی نهێنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ژمارە(٢١٦١) کە واژۆی مستەفا کەمال و وەزیرەکانی حکومەتی تورکیای لەسەرە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٥ی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی هێنانەناوەی ئەو بەیاننامەی لەلایەن کۆمیتەی ئیتیحادی ئیسلامی(**لاتین- اسلام اتحاد قومیتەسی**) لە جەزائیرەوە بۆ هەندێ لە بازرگانانی ئەرزڕۆم نێردراوە، چونکە لە بەیاننامەکەدا، داواکراوە ڕێگە بە خوێنڕشتن و شەڕکردن لەگەڵ کوردەکاندا نەدرێت، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامە، بە تێکدەری ئەمن و ئاسایشی مەملەکەت و دژی بنەماکانی یاسای ( تقریری سکونت) دراوەتە قەڵەم، بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو ئەو بەیاننامە دراوە.[16]

بە پێی بەڵگەنامەیەکی دیکە، لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کۆماری تورکیا، بە ئامادەبوونی سەرۆک کۆمار مستەفا کەمال و هەموو وەزیرەکانی، کە لە ٥ی ئابی ١٩٢٥دا بە نووسراوی ژمارە( ٣٢٠٢) بە واژوو مستەفا کەمال و وەزیرەکانی، بڕیاری قەدەغەکردنی پەرتووکی( **خونچەی بەهار**)ی حوسەین حوزنی موکریانی بۆ ناو خاکی

[14] **فیرقەی تەرەقیپەروەری کۆماری**: ئەم فیرقەیە لە ئاکامی جیابوونەوەی هەریەکە لە: کازم کەرەبەکر، حوسەین ڕوئوف ئۆربای، عەلی فواد جەبەسۆی لە پارتی گەلی کۆماری (CHP) لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤دا دامەزرێنرا. ئەو کەسایەتیانە ئەگەرچی هەموویان لە سەرکردەکانی جەنگی ڕزگاری تورکیا بوون، بەڵام لە دژی ئەو گۆڕانکارییە ڕێشەییانەی پارتی گەلی کۆماری وەستانەوە و بەتوندی دژی (ئاراستەی بێدینی- لایکلک) پارتی ناوبرا هەڵوێستیان وەرگرت و لە ڕێزەکانی ئەو پارتییە هاتنەدەرەوە و ئەو فیرقەیان دروستکرد. دوای چەند مانگێک لە دروستبوونی ئەم فیرقە شۆڕشی شێخ سەعید سەری هەڵدا و دادگاکانی سەربەخۆیی بە دەسەڵاتێکی گەورە و فراوانەوە دامەزرێنران و یاسای تەریری سکونیان دەرکرد و ئەم فیرقەیان داخست. بڕوانە:
Selahaddin Bakan Ve Hakan Özdemir, Türkiye'de 1946-1960 Dönemi İktidar-Muhalefet İlişkileri: Cumhuriyet Halk Partisi (Chp) Demokrat Parti (Dp)'Ye Karşi, C.Ü. İktisadi Ve İdari Bilimler Dergisi, Cilt 14, Sayı 1, 2013, s. 374-375.

[15] İhsan Güneş, a. g. m.

[16] BCA. 30.18. 01.01/ KALEM-İ MAHSUS MÜDÜRİYETİ/ 014. 41.13.

توركيا دراوە.[17] لە نوسراوێكى ديكەى سەرۆكايەتى كۆمارى توركيادا كە بە ژمارە(١١.٣٧) بە واژۆى سەرۆک كۆمار مستەفا كەمال و هەموو وەزیرەكان دەرچووە، تێیدا هاتووە گۆڤارى( **La questiyon kurde**)[18] كە لەلایەن كۆمەڵەى خۆیبوونەوە بە زمانى فەرنسى لە قاهیرە بە مەبەستى پروپاگەندە بۆ كوردایەتى بڵاودەكرێتەوە، بەو پێیەى ناوەرۆكێكى زیانبەخشى هەیە، لەسەر ڕاسپاردەى وەكالەتى ناوخۆ ( وەزارەتى ناوخۆ) لە بەروارى ١٢/ ٥/ ١٩٣١ دا بە نوسراوى ژمارە (٨٣/ ١٨٨٤) لە كۆبونەوەى( ئەنجومەنى وەزیران )دا قەدەغەكردن و ڕێگریكردن لە هاتنەناوەى بۆ ناو توركیا بڕیارى لێدراوە.[19]

**٢.١.٤.١. ماددەی (٥١) لە یاسای (١٨٨١)ی یاسای چاپەمەنییەکانی ٣٠ی تەموزی ١٩٣٢**

هەموو هەوڵی حکومەتەکەی عیسمەت ئینۆنۆ بووبووە تێکۆشان لە پێناو سەپاندنی پایەکانی سیستەمی تاکپارتێتیدا، بۆ ئەو مەبەستە دەبوو تەواوی نەیارەکانی لە قاڵب بدات و قەدەغە و سانسۆر بخاتەسەر کار و چالاکییەکانیان، هەڵبەت ئەنجامدانی ئەو کارەی بەبێ داخستنی دەمی چاپەمەنییەکان بۆ مەیسەر نەدەبوو، لە کەش و هەوایەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی دا یاسای ژمارە( ١٨٨١ ) چاپەمەنییەکانیان ئامادەکرا، کە یەکەمین یاسای چاپەمەنی بوو لە سەردەمی کۆماردا لە ٨ی ٨ی ١٩٣١دا لە ژمارە(١٨٦٧)ی ڕۆژنامەی فەرمی(Resmi Gazete) حکومەتدا بڵاوکرایەوە و چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم یاسا لە پەرلەمان بە ناوی یاسای ١٨٨١ی تایبەت بە ئازادی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە چاپکراوەکان( 1881 Matbuat Hürriyeti ve Matbu Eserler Neşri Hakkında kanun)، یاساکە لە(٢٣) بەش پێکهاتبوو، کە بەکۆی گشتی یاساکە (٦٦) ماددەی سەرەکی و دوو ماددەی موەقەتی (A, B) پێکهاتبوو.[20]

ئەوەی لە هەموو ماددەکانی یاساکە زیاتر کرابووە دەستکەلایەک کە ئەو بڵاوکراوە و چاپکراوانەی پێ سانسۆر دەکرا کە بەزمانی کوردی چاپ دەکران یان لەبارەی کوردەوە چاپ دەکران ماددەی(٥١)ی یاساکە بوو، ئەم ماددەیە لە بەشی(١٧) یاساکەدا بووە، کە ئەم بەشە لەژێرناوی کۆکردنەوەی چاپکراوەکان، واتا بەمانای(دەستبەسەراگرتن و کۆکردنەوە)ی ئەو چاپەمەنییانە هاتووە کە قەدەغە دەکرێن.

دەقی ماددەی (٥١) ی یاسای ١٨٨١ی چاپەمەنییەکان:

**ماددەی ٥١- دەتوانرێت بە بڕیاری ( ئەنجومەنی وەزیران)[21] هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەیێک یان گۆڤارێک کە لە وڵاتێکی بێگانە دەرکرابێت بۆ ناو تورکیا و دابەشکردنی قەدەغە، بکرێت.**

---

[17] BCA. 30-18-1-1 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1920-1928)/ 14 - 48 – 14.

[18] Bulletin mensuel Centre d'études kurdes، بوولتەنی مانگانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کورد، گۆڤارێک بوو بە زمانی فەرەنسی وەکوو بوولتەنی ناوەندی لێکۆلینەوەی کوردی لە پاریس بڵاو دەکرایەوە و خاوەنی دکتۆر کامەران بەدرخان بوو و یەکەم ژمارەی لە ساڵی 1948 و دوا ژمارەی, کە ژمارە (13) بوو لە ساڵی 1950 بڵاوکرایەوە. وتاری بە ئینگلیزیش بڵاودەکردەوە.

[19] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- )/ 19 - 30 – 2.

[20] Resmi Gezete, Sayı 1867. 8.AĞUSTOS1931 CUMARTESİ, Başvekalet Müdevvenat Matbaası, s.731-736.

[21] مەبەست لێی ئەنجومەنی وەزیرانە، دیارە تا ئەوکاتە بە وەزیرەکان وتراوە وەکیل و بە ئەنجومەنی وەزیرانیش وتراوە( دەستەی جێبەجێکاری) و کۆبوونەوەکانی ئەم دەستە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە بەڕێوەبراوە.

**ئەو نوسخانەی پێش بڕیارەکە بڵاوکراونەتەوە، بە مەبەستی خێرا بڕیار وەرگرتن لەلایەن (ئەنجومەنی وەزیران) ییەوە دەتوانرێت بە بڕیاری (وەزیری ناوخۆ)[22]یەوە کۆبکرێتەوە. ئەو کەسەی بزانێت بە قەدەغەبوونی ڕۆژنامەیەک و بیهێنێتە ناو تورکیا و بڵاویبکاتەوە، سزایەکی قورسی بە ئەندازەی (٣٠٠) لیرە پارەی لێوەردەگیرێت.[23]**

دەوڵەت حکومەکانی ناو ماددەکانی ئەم یاسایەی کردۆتە ئامرازێکی یاسایی بەدەستییەوە بۆ سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی هەموو دەنگە ناڕازییەکان و چاپەمەنی ئۆرگانی نەیارە سیاییەکانی و شوناسە جیاوازەکان.

سەبارەت بە کورد، بە حوکمەکانی ئەم یاسا ژمارەیەکی بەرچاو چاپکراو و نوسراوی کوردی پێ سانسۆرکراوە: هەر لەو چوارچێوەدا بە نوسراوی (١٢٩٣٦) و بە واژۆی سەرۆک کۆماری تورکیا مستەفا کەمال و وەزیرەکانی، لەبەر ئەوەی بە بڵاوکراوەیەکی زیانبەخشیان بۆ کۆماری تورکیا دراوەتە قەڵەم، لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری ناوخۆی ئەو کاتی کۆماری تورکیا، لە بەرواری ٣٠/٥/ ١٩٣٢دا بڕیاری قەدەغەکردنی گۆڤاری (**هاوار**)ی ئۆرگانی کۆمەڵەی خۆیبوون بۆناو خاکی تورکیا دراوە.[24] هەر لە چوارچێوەی شوێنپێهەڵگرتن و ڕێگرتن لە هەر هەوڵێک کە بۆنی شوناسی کورد لێ بێت، بە پێی زانیارییەکانی ناو دۆسییەیەکی ئەرشیفی کۆماری تورکیا، والی ویلایەتی ئەلعەزیز لە بەرواری ٢٣ ئاداری ١٩٣٣ بە ژمارە(١٧٧/١٦٤) نوسراوێکی نهێنی بۆ وەزارەتی ناوخۆ کردووە، تێیدا بە درێژی باسی لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی سێ داستانی کوردی لە ناو هۆزەکانی ناوچەی دەرسیم، بەو پێیەی داستانەکان باسیان لە کوردایەتی و کوردبوون کردووە، کە وا گومان براوە لەلایەن( عەلی شار خەڵکی قۆچگیری) کە لەلای سەیید ڕەزابووە بە کوردی نوسراون، ئەمجارە کەوتۆتە دەستی قائیمقامییەتی(مەزگرت)، والی ناوبراو جیا لە هاوپێچکردنی وەرگێرانی تورکی هەرسێ داستانەکە، بە نوسراوێکی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە(٣٤٩٦) لە بەرواوری ٢ی نیسانی ١٩٣٣ ئاڕاستەی سەرۆکایەتی حکومەتی ئەوکاتی کۆماری تورکیا کراوە.[25] لە نوسراوەکەی والی ناوبراودا هاتووە، ئەوە ڕوونە ئەم داستانانە بە ئامانج نوسراون، ئەمانە ناوەڕۆکی پروپاگەندەیەکی بەهێزن بۆ کوردچێتی و دژایەتی بۆ کۆمار و تورکچێتی بە ڕوونی تێدایە. لە نوسراوەکەی والیدا باسیش لەوەکراوە ئەم جۆرە نوسینانە دەگونجێت ببێتە هۆی وروژاندنی گیانی قارەمانێتی و هەستی ئاینی لای خەڵکانی ساویلکە.[26] لەبەرئەوەی تەوەری سەرەکی ئەم داستانانە باسکردن بووە لە شوناسی کوردی و کوردبوون، لە لایەن دام و دەزگا فەرمییەکانەوە بە مەترسی و هەڕەشە بۆسەر کۆماری تورکیا و تورکچێتی داویانەتە قەڵەم.

**٣.١.٤.١. لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە چەند کەسایەتییەکی کورد بە گوێرەی ماددەی ٩ی یاسای هاوڵاتیبوونی تورک**

لە چوارچێوەی هەوڵە بەرفراوان و میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی کۆماری تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر جوڵانەوەیەکی نەیار لە دژی دەسەڵاتە تاک-شوناسەکەی، لێسەندنەوە و لە هاوڵاتیخستن یەکێکی دیکە بووە لەو

[22] مەبەست لێی وەزیری **ناوخۆ**یە.

[23] Resmi Gezete, Sayı 1867. 8.AĞUSTOS1931 CUMARTESİ, Başvekalet Müdevvenat Matbaası, s.735.

[24] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- )/ 29 - 43 – 13.


[25] BCA. 30-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ/ 110 - 741 – 9. 01

[26] BCA. 30-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ/ 110 - 741 – 9. 02.

میکانیزمانەی دەسەڵاتی تورکیا پەنای بۆ بردووە. سەرەتا دەسەڵاتی تورکیا وای نیشانداوە لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی دەرەوە و لەسەر بنەمای داواکاری بەڕێوەبەرایەتی کاروبارو مافی هاوڵاتییان و بە پێی مادده تایبەتییەکانی یاسای تایبەت بە (تابعییەت)، بەپاساوی سەلماندنی ئەوەی کە هەریەکە لە(سەرۆکی پێشووی شارەوانی ئەدەنە حاجی مەحمود و سولەیمانییەلی زەکی کە یەکێک بووە لە یوزباشییەکانی ئەرکانی جەنگ) خزمەتی بێگانەیان کردووە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ٩ی ئابی ١٩٢٥ دا بڕیاری لە هاوڵاتیخستنی هەر دوو ناوبراو لە هاوڵاتیتی کۆماری تورکیا بە واژۆی مستەفا کەمال و وەزیرەکانی کابینەکە پەسەند کراوە.[27]

---

BCA. 30-18-01-01 /KALAM-İ MAHSUS MÜDÜRİYETİ / 15-50-10.[27]




*فەرمانی لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە دەرەجەدارێکی سەربازی خەڵکی سلێمانی و سەرۆکی پێشووی شارەوانی ئەدەنە 1 بەڵگە*

دواتر و دوای دەرکردنی یاسای ژمارە(١٣١٢)ی تایبەت بە مافی هاوڵاتیبوونی تورک، دەسەڵاتی کۆماری تورکیا ماددەی(٩)ی لە یاسای ناوبراوی کردۆتە میکانیزمێک بەدەستییەوە بۆ لێسەندنەوە مافی هاوڵاتیبوون لە نەیارە سیاسییەکانی دەسەڵاتی کۆماری تورکیا، یاسای ژمارە(١٣١٢) بریتییە لە یاسای(یاسای مافی هاوڵاتییانی تورک) یاساکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە(بەشی یەکەم هاوڵاتیانی ڕەسەن و هاوڵاتیانی مافی هاوڵاتیبوونیان وەرگرتووە، بەشی دووەم حوکمەکانی لێسەندنەوەی مافی هاولاتی بوون و لە هاوڵاتێتی خستن، کاریگەری هاوسەرگیری لەسەر مافی هاوڵاتێتی.)

کە بە کۆی هەر سێ بەشەکە لە حەڤدە ماددەی پێکهاتووە، لە بەرواری ٤ حوزەیرانی ١٩٢٨ بە ژمارە(١٣١٢) لە ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتدا بڵاوکراوەتەوە.[28]

بە پێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەیەکی فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، کە بریتییە لە نوسراوێکی بەرێوەبەرایەتی بڕیارەکانە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە بە ژمارە( ١٥٢٧٧) لە بەرواری ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٣ لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە، واژۆی سەرۆک کۆمار مستەفا کەمال و هەموو وەزیرەکانی لەسەرە، بە گوێرەی نوسراوەکە بە بیانووی کوڕەکانی جەمیل پاشا[29] دیاربەکردی، ڕایانکردۆتە سوریا لەوێشەوە پەنایان بردۆتە بەر فەرمانگەی هەوڵگری فەرەنسی، بەو ڕەفتار و جوڵەیان کە لە وڵاتێکی بێگانە خراونەتە خزمەتی سەربازییەوە، بڕیاردراوە بە گوێرەی ماددەی(٩) لە یاسای ژمارە(١٣١٢) و لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (٨٥١٤،٢٥١٩) لە بەرواری ١٩٣٣/١٠/٧ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی بڕیاری لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە هەریەکە لە کوڕەکانی جەمیل پاشای دیاربەکری:(مستەفا بەگ، کوڕەکانی محەمەد فەرید، قاسم بەگ، ئەکرەم و فواد بەگی کوڕی جەمیل پاشا لەگەڵ بەدری و قادر کە کوڕی فواد جەمیل پاشا) لە بەرواری ١٢/ ١١/ ١٩٣٣دا پەسەندکراوە.[30]

جیگەی ئاماژە بۆکردنە، ئەو فەرمانی لە هاوڵاتیخستنی ئەو کەسانەی ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بەپێی ماددەی(٩) بووە لە یاسای (مافی هاوڵاتیبوونی تورک) کە لەبەشی دووەمی یاساکەدا بووە. لە دەقی ماددەی(٩)دا هاتووە:" هەر یەکێک لە تورکەکان بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی تایبەتی و بە ئارەزووی خۆی بچێتە ژێر پەیرەوی وڵاتێکی بیگانە، یان بە ئارەزووی خۆی بۆ سوپای دەوڵەتێکی بێگانە خزمەت ئەنجام بدات بە بڕیاری (ئەنجومەنی وەزیران) دەتوانرێت لە هاوڵاتێتی بخرێت(مافی هاوڵاتیبوونی لێبسەنرێتەوە).[31] پێویستە ئەوە بڵێین هەر خودی ناوی یاساکە جۆرێکە لە سانسۆر و پێشلکردنی شوناسی کورد لە باکوری کوردستان، چونکە یاساکە ناوی یاسای هاوڵاتیبوونی تورک( Türk Vatandaşlığı kanunu)ی لێنراوە، واتا نەک هەر ددانی نەناوە بە بوونی مافی هاوڵاتیبوون کورد لە کۆماری تورکیا، بەڵکو بە ناو و ماددەکانی یاساکە ئینکاری بوونی هەر شوناسێکی دیکەی لە دەرەوەی شوناسی تورکی لە کۆماری تورکیادا کردووە. ئەمە جیالەوەی ماددەی(٩) یاساکەی کردۆتە ئامرازێک بەدەستییەوە بۆ لە هاوڵاتیبوونخستنی هەر کارەکتەرێکی سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیریی نەیار.


---

[28] Resmi Gezete, Sayı 904. 4.haziran 1928, Başvekalet Müdevvenat Matbaası, s.329-331.

[29] جەمیل پاشا دیاربەکری، خێزانی جەمیل پاشا یەکێک لە خێزانە گرنگ و بەناوبانگەکانی کوردی دیاربەکربوون، لەسەرەتای سەدەی بیستەمی زاییندا ژمارەیەک لە کوڕ و نەوەکانی جەمیل پاشا لە ئەستەموڵ و ئەوروپا خوێندنیان تەواوکردووە، لە دیارترینینان، ئەکرەم جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا، کوڕە و نەوەکانی جەمیل پاشا لە ژێر کاریگەری نەتەوەپەروەرانی کورد دا لە ساڵانی ١٩١٢-١٩٢٥ لە تورکیا چالاکانە بەشداری کاری ڕێکخراوە کوردییەکانیان کردووە، چەندان ڕۆشنبیری و چالاکی سیاسی لە نێو ئەم خێزانەدا هەڵکەوتوون، کە خزمەتییان بە مێژوو و شوناسی نەتەوەی کوردی کردووە و بۆ داواکردن و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد کەوتوونەتە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئیتیحادییەکان و کەمالییەکان، پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ سەعید لە ١٩٢٥، نەک تەنها ئەو ئەندامانەی کە باسیان کرا، بەڵکو ئەندامانی تری بنەماڵەکەش کە هیچ کارێکیان لە پەیوەندی بە کوردایەتییەوە نەبوو، لە لایەن دەوڵەتەوە بە زیندان و دوورخستنەوە سزا دران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Malmisanıj. Diyarbekirli Cemilpaşazadeler ve Kürt Milliyetçiliği. Avesta Yayınları. 2004. İstanbul.

[30] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ) / 40 - 80 – 15.

[31] Onuncu Madde, Resmi Gezete, Sayı 904. 4.haziran 1928, Başvekalet Müdevvenat Matbaası, s.330.



T. C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

T. Ç.
BAŞVEKÂLET
Kararlar Müdürlüğü
Sayı: 15277

KARARNAME

Süriyeye kaçarak Fransız İstihbarat Dairesine iltica etmişolan Diyarbekirli Kürt Cemil Paşanın oğullarından Mustafa Bey Oğlu Mehmet Ferit, Kasım Bey Oğlu Ekrem, Fuat Bey Oğlu Bedri ve Kadrinin bu hareketleri yabancı memleketlerde askerlik mahiyetinde vazife deruhte etmiş olduklarını göstermesine binaen, I3I2 sayılı kanunun 9 uncu maddesine göre Türk vatandaşlığından çıkarılmaları; Dahiliye Vekilliğinin 7.I0.-933 tarih ve 85I4.25I9 sayılı tezkeresi üzerine İcra Vekilleri Heyetinin I2.II.933 toplanışında kabul olunmuştur.

I2.II.933

REİSİCUMHUR

Gazi M. Kemal

Bş.V. Ad.V. M.M.V. Da.V.

Ha.V. Ma.V. Mf.V. Na.V.

İk.V. S.İ.M.V. G.İ.V. Zr.V.

080 13 01 02 40 180 15

*بەڵگە 2 بڕیارنامەی لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوونی هەندێک لە کوڕەکانی جەمیل پاشای دیاربەکری، کە بە واژۆی مستەفا کەمال سەرۆک کۆماری تورکیا و کۆی وەزیرەکان لە ١٩٣٣/١١/١٢دا پەسەن کراوە.*

### ٤.١.٤.١. هەمواری ماددەی (٥١) یاسای ١٨٨١ چاپەمەنییەکان بە ماددەی (٥١)ی یاسای ٢٦٥٧

ماددەی (٥١) یاسای (١٨٨١)ی تایبەت بە چاپەمەنییەکان، لە بەرواری ٢٨ی مانگی ١٢ی ١٩٣٤دا بە یاسای ژمارە (٢٦٥٧) هەموارکراوەتەوە، لە هەموارەکەدا گۆڕانکاری لە یاساکەدا ئەنجامدراوە، کە بریتیی بووە لە زیادکردنی دەستەواژەی( ناوخۆی تورکیا) بۆ برگەی یەکەمی یاساکە، واتا ئەگەر پێشتری دەوڵەت توانیبێتی بەم یاسا تەنها ئەو چاپکراوانە لە دەرەوەی تورکیا چاپکراون سانسۆربکات و ڕێگری لە هێنانە ناوەوەی ئەو چاپکراوانە بۆ ناو تورکیا بکات، ئێستا ئیدی بە پێی هەموارە تازەکەی یاساکە، دەستکراوە دەبێت بۆ سانسۆرکرنی هەر دانراوێکیش کە لە ناوخۆی تورکیا

چاپ و بڵاوبکرێتەوە و دەوڵەت بە دڵی نەبێت. واتا، هەمواری یاساکە سنوری کارپێکردنی یاساکەی بۆ ناو خاکی تورکیا، فراوان کردووە، واتا بە حوکمی سزادانی ئەم یاسایە دەتوانێت چاپکراو و ئۆرگانی نەیارەکانی دەوڵەت لە ناوخۆیش سانسۆر بکات.[32]

دەقی هەموارەی یاساکە:

**ژمارەی یاسا: ٢٦٥٧**

**بەرواری پەسەندکردن: ١٩٣٤/١٢/٢٣**

**ماددەی ١-** هەمواری ماددەی(٥١)ی یاسای چاپەمەنییەکانی ژمارە (١٨٨١) پەسەندکراو لە ٨ی ئابی ١٩٣١ و یاسای هەموارکراو بە یاسای ژمارە( ١٩٥٩)ی ١٩ی مایس ١٩٣٢. ماددەی (٥١) هەموارکراو بەم شێوەی لای خوارەوە گۆڕاوە:

ئەو چاپکراوانەی لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسادا نوسراون، چ لە تورکیادا یان لە وڵاتێکی بێگانەدا دەرکرابن بڵاوکردنەوەیان یان هێنانیان بۆ ناو تورکیا، دەتوانرێت بە بڕیاری(ئەنجومەنی وەزیران) قەدەغەبکرێت.

ئەو نوسخانەی پێش بڕیارەکە بڵاوکراونەتەوە، بە مەبەستی خێرا بڕیار وەرگرتن لەلایەن (ئەنجومەنی وەزیران) بیەوە دەتوانرێت بە بڕیاری (وەزیری ناوخۆ) یەوە کۆبکرێتەوە. ئەو کەسەی بزانێت بە قەدەغەبوونی ڕۆژنامەیەک و بیهێنێتە ناو تورکیا و بڵاوییکاتەوە، سزایەکی قورسی بە ئەندازەی(٥٠ - ٣٠٠) لیرە پارەی لێوەردەگیرێت.

**ماددەی ٢- ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاوکردنەوەیەوە بەرکارە**

**ماددەی ٣- جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ئەستۆی (ئەنجومەنی وەزیران)دایە.**[33]


بەهۆی هەمواری ئەم یاسایە، ئازادی چاپەمەنەی و ڕۆژنامەگەری زۆر بەرتەسکتر کردۆتەوە، بیانووی حکومەتیش بۆ ئەو کارەی بریتیی بووە لەوەی کە پێی وابووە چاپەمەنی و ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگا هەیە و دەبێت بە جۆرێک کاربکەن نەبنە ئامرازێک، زیان بە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت بگەیەنن. ئەم گۆڕانکارییانە، دوای مردنی ئەتاتۆرک (١٩٣٨) ئۆتۆریتە و دەسەڵاتی عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆک کۆماری تورکیایان بەسەر ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکان دا سەپاند. ئەو دۆخە تاوەکو کۆتایی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٥) درێژەی کێشا. وەکو لەمەبەدوا نیشانی دەدەین چەندین چاپکرا و بڵاوکراوەی تایبەت بە شوناسی کوردی بە گوێرەی حوکمی ئەم یاسایە لە تورکیا سانسۆر و قەدەغە دەکرێن:

بەبیانووی ئەوەی دژی دەوڵەتی تورکیا نوسینی زیانبەخشییان تێدابووە، ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا، لە بەرواری ١ ئابی ١٩٣٤ بە نوسراوی ژمارە(٢/١٠٩٦) لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆ و بە واژۆی سەرک کۆماری تورکیا مستەفا کەمال و واژۆی گشت وەزیرەکانی دیکە، بڕیاری یاساغکردنی ئەم چوار پەرتووکە:( کوردەکان لەبەرامبەر

[32] Resmi Gezete, Sayı.2895. 1.KANUNUSANİ 1935 SALİ , Başvekalet Matbaası, s.4608.

[33] Resmi Gezete, Sayı.2895. 1.KANUNUSANİ 1935 SALİ , Başvekalet Matbaası, s.4608.

لێخۆشبوونی گشتی تورکدا، نوسراوێک بۆ سەرۆک کۆماری تورکیا ڕێزدار غازی مستەفا کەمال[34]، پرسی کورد لەدیدی دەرەکییەوە(بیانییەوە)، لەگەڵ پەرتوکێکی نیمچە وێنەدار و نوسراو بەزمانی عەرەبی بەناوی ( القضية الكردية)[35] دراوە و بڕیاردراوە ڕێگە نەدرێت لەناو خاکی تورکیا بڵاوبکرێتەوە.[36]



T. C.
BAŞVEKÂLET
Kararlar Müdürlüğü
Sayı: 2/1096

T. C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

KARARNAME

Suriyedeki Kürt Hoybon Cemiyeti tarafından (Türk Affı Umumisî karşısında Kürtler, Türkiye Reisicümhur Gazi Mustafa Kemal Hazretlerine mektup, Bir Ecnebi noktai nazarına göre Kürt meselesi) ve kısmen resimli, Arap dili üzerine yazılmış (Elkaziyetülkürdiye) adlı dört kitabın, Hükûmetimiz aleyhinde zararlı yazıları ihtiva eylemesine binaen gerek Türkçe ve gerek başka dillerle yazılmış ve yazılacak olanlarının Türkiyeye sokulmasının yasak edilmesi; Dahiliye Vekilliğinin 29/7/934 tarih ve 7067 sayılı tezkeresi üzerine İcra Vekilleri Heyetince I/8/934 te tasvip ve kabul olunmuştur.

I/8/934

REISICUMHUR

Bş. V. | Ad. V. | M. M. V. | Da. V.

Ha. V. | Ma. V. | Mf. V. | Na. V.

İk. V. | S. İ. M. V. | G. İ. V. | Zr. V.

030 18 01 02 47 54 16

سەرۆک کۆمار مستەفا کەمال و وەزیرەکان. بە واژۆی بڕیاری یاساغکردنی چوار پەرتووک3 بەڵگە

[34] ئەم پەرتووکە، نامەیەکی کراوەیە لەلایەن ڕۆشنبیری گەورەی باکوری کوردستان میر جەلادەت عالی بەدرخانەوە لە ساڵی ١٩٣٣ بە تورکی عوسمانی بۆ مستەفا کەمال سەرۆکی کۆماری تورکیا نوسراوە، جەلادەت عالی بەدرخان لە نامەکەیدا، ژیانی دوورخستنەوە و تاراوگە کە کوردەکان لە ئەنجامی سیاسەتەکانی سەرکوتکاری ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە باس کردووە؛ هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن کۆماری تورکیا ڕووناکبیرانی کوردی کردۆتە ئامانج، نامەکە، تێبینی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەربارەی پرسی کورد لەخۆگرتووە، هەروەها زانیاری گرنگی دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیا و گەلی کورد لەسەردەمی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا خستۆتەڕوو. بڕوانە:
Celadet Alî Bedirxan, Mustafa Kemal'e Mektup, Avesta yayınları, 2.baskı 2020 istanbul.

[35] مەبەست لەم پەرتووکە، پەرتووکی" القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم"ی (دکتۆر بلەچ شیرکوە) یە.

[36] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 47 - 54 – 16.

هەر لەچوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی کۆماری تورکیا بۆ سانسۆرکردنی مێژوو و شوناسی کوردەوە، بەپێی نوسراوی ژمارە( ٢/٢٧١٥) لە بەرواری ٦/٥/ ١٩٣٥دا ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا لەسەر ڕاسپاردەی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ و بەگوێرەی ماددەی (٥١) یاسای چاپەمەنییەکان، بە واژۆی سەرک کۆمار مستەفا کەمال و هەموو وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بڕیاری یاساغکردنی پەرتووکی (پەرتوکی چەند لاپەڕەیەک لە مەسەلەی کورد-Kürt meselesi safahatından) کە لە عێراقدا لەلایەن ڕەفیق حیلمییەوە نوسراوە و لە بڕیارەکەدا هاتووە نابێت ڕێگەبدرێت لە ناو خاکی کۆماری تورکیادا بڵاوبکرێتەوە.[37]

، لە نوسراوێکی فەرمی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی بڕیارەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە بە ژمارە(٢/٥٩٣٩) لە بەرواری ٢٨/١/ ١٩٣٧ بە واژۆی مستەفا کەمال و هەموو وەزیرەکانی کابینەی حکومەت دەرچووە، بڕیاردراوە بە قەدەغەکردنی هێنانەناوەی قەوانێکی مارکەی (SODWA) بە ژمارە (I-256) کە لەلایەن شێخ سەعیدەوە بە کوردی بە دەنگی خۆی خوێندراوە( دیارە مەبەستی لێی پڕکراوەتەوە، ئیدی وتاردان بووە یان خوێندنەوەی شتگەلێک بووە) دوای ئەوەی دەرکەوتووە، گووتەی زیانبەخشی( بۆ دەوڵەتی نوێکەی تورکیا) لە خۆگرتووە، بە ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆ لە بەرواری ٢٨/١/ ١٩٣٧ و بە گوێرەی ماددەی(٥١)ی یاسای چاپەمەنییەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بەکۆی دەنگ بڕیاری قەدەغەکردن و هێنانەناوەی بۆ ناو خاکی تورکیادراوە.[38] بە پێی زانیارییەکانی نێو ئەم بەڵگەنامە فەرمییە، دیارە دەنگی شێخ سەعید لەسەر قەوان تۆمارکراوە و تێیدا شتگەلێکی خوێندۆتەوە لەکاتی خۆیدا براوەتە دەرەوە لە ساڵی ١٩٣٧ جارێکی دیکە ویستراوە لە دەرەوە بهێنرێتەوە ناو خاکی تورکیا بەڵام دەستیبەسەردا گیراوە. گەڕان و دۆزینەوەی کۆپییەکی ئەو قەوانە لە ئەرشیفەکانی دەرەوەی وڵات گرنگی مێژوویی یەکجار بایەخداری دەبێت. دەکرێت زۆر شتی نەبیستراوی لێوە بزانین.

٢. سانسۆرکردنی شوناسی کوردی لە سەردەمی سەرۆکایەتی عیسمەت ئینۆنۆ ١٩٣٨-١٩٤٥


دوای مەرگی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٣٩، عیسمەت ئینۆنۆ بە سەرۆک کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا، ئەگەرچی عیسمەت ئینۆنۆ دەستەڕاست و هاوکار و هاوبیری مستەفا کەمال بوو و ڕۆڵی گەورەی هەبوو لەسەر کوتکردنی شوری دەرسیمدا، بە جۆرێک لە وتارێکدا لە پەرلەمانی تورکیا گوتوویەتی:"وا توانیمان کێشەکە یەکلایی بکەینەوە، چاکسازی ئیداریمان دەستپێکرد، ویلایەتی دەرسیم بەجۆرێکی نوێ ڕێک دەخرێ و بە پێی یاسا ناوێکی تازەمان لێنا، ئەویش(تونجەلی)یە، ئەو والییە سەربازییە بەڕێوەی دەبات، کە حوکمی عورفی تێدا جاڕدا."[39] بەڵام وەک دواتر لە بەڵگەنامەکاندا بۆمان دەردەکەوێت، لەسەردەمی سەرۆک کۆماریی (عیسمەت ئینۆنۆ) دا، نەک هیچ چاکسازییەک لە بواری داننان بە مافی ئەوانی دیکەی ناتورک دا نەکراوە، بەڵکو بە هەمان شێوەی سەردەمی سەرۆک کۆماری ئەوەی پەیڕەوکراوە سیاسەتی فاشیستی[40]، ڕەگەزپەرستی و سڕینەوە بووە بەرامبەر بە شوناسی کوردی لە باکوری کوردستان، جیا لەوەیش هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ سانسۆرکردنی شوناسی کوردی لێرەیشدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لە

[37] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ) 55 - 46 – 11.
[38] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 71 - 8 – 6.
[39] ئیبراهیم داقووقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.
[40] هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

بەڵگەنامەکانی کۆماری تورکیای تایبەت بە سانسۆرکردنی دانراو و بڵاوکراوەی پەیوەندیدار بە شوناسی کوردەوە لەسەردەمی عیسمەت ئینۆنۆ دا بخەینەڕوو:

بەپێی نوسراوێکی فەرمی کۆماری تورکیا کە واژۆی سەرۆک کۆمار عیسمەت ئینۆنۆ و وەزیرەکانی کابینەکەی لەسەرە، بە ژمارە(٢/٩٩٨٣) لە بەرواری ١٩٣٨/١٢/٣دا دەرچووە، تێیدا هاتووە لە سەر ڕاسپاردەی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ و بە پێی ماددەی(٥١) لە یاسای چاپەمەنییەکان ئەنجومەنی وەزیران لە ١٩٣٨/١٢/٣ دا بریاری قەدەغەکردنی پەرتووکی(Der Adler Von Kurdistan) کە لە ئەڵمانیا بەزمانی ئەڵمانی لەلایەن میر کامەران عالی بەدرخان و (Herber Oertel) نوسراوە، لە بریارەکەیشدا هۆکاری یاساغکردنەکەی بە بوونی نووسینی زیانبەخش لە پەرتووکەکەدا لێکدراوەتەوە.[41] هەروەها لە بریارێکی دیکەی هاوشێوەدا، بە پێی نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی بریارەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا، کە بە ژمارە(٢/١٠٥٨٧) لە بەرواری ١٤ی ئاداری ١٩٣٩ بە واژۆی سەرۆک کۆمار عیسمەت ئینۆنۆ و وەزیرەکانی کابینەی حکومەت دەرچووە، تێیدا هاتووە، لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری ناوخۆ و بەپێی ماددەی(٥١) بەرکار لە یاسای ژمارە(١٨٨١)ی یاسای چاپەمەنییەکان، بریاردراوە بە قەدەغکردنی پەرتووکی( The Case of Kurdistan against of Turkey– پرسی کورد لەدژی تورکیا) کە لەلایەن سورەیا بەدرخانەوە نوسراوە و لە شاری فیلادیلفیای ئەمریکا بەزمانی ئینگلیزی چاپکراوە، لەبەرئەوەی دەرکەوتووە کتێبەکە نوسینی زیانبەخشی تێدایە بۆیە بریاری قەدەغەکردنی، هێنانی پەرتووکەکە بۆناو تورکیا و فرۆشتنی، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دراوە.[42]

[41] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ).85 - 101 - 14
[42] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ) 86 - 23 - 1



T. C.
BAŞVEKÂLET
KARARLAR DAİRESİ MÜDÜRLÜĞÜ
Karar sayısı
2
10587

Kararname

Bedirhanîlerden Süreyya Bedirhan tarafından yazılıp Amerikanın Filâdelfiya şehrinde basılmış olan İngilizce "The Case Of Kurdistan Against Turkey-Kürdistanın Türklere karşı davası" adlı kitabın zararlı yazıları taşıdığı anlaşıldığından memlekete sokulmasının ve satışının yasak edilmesi; Dahiliye Vekilliğinin 8/3/939 tarih ve 5755/33/M.A. sayılı teklifi üzerine, I88I sayılı Matbuat Kanununun muaddel 5I inci maddesine tevfikan İcra Vekilleri Heyetince I4/3/939 tarihinde onanmıştır.

I4/3/939

REİSİCUMHUR

Bş. V. Ad. V. M. M. V. Da. V.
Ha. V. Ma. V. Mf. V. Na. V.
İk. V. S. İ. M. V. G. İ. V. Zr. V.

030 18 01 02 86 23 1

*بڕیارنامەی سانسۆرکردن پەرتووکی (پرسی کورد لەدژی تورکیا) کە لەلایەن سورەیا بەدرخانەوە نوسراوە و لە شاری فیلادیلفیای ئەمریکا بەزمانی ئینگلیزی 4 بەڵگە چاپکراوە.*


وەک دەردەکەوێت، پرۆسەی سانسۆرکردنی بڵاوەکراوەکانی تایبەت بە شوناسی کورد، پرۆسەیەکی گشتگیر و سەراپاگیر بووە، تەنها بە سانسۆرکردنی پەرتووک و ڕۆژنامە و گەوانەوە نەوەستاوە، ئەوە بە گوێرەی نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی بڕیارەکان، کە بە ژمارە(٢/١١٨١٥) کە لە بەرواری ٣١ی ئابی ١٩٣٩ بە واژۆی سەرۆک کۆمار عیسمەت ئینۆنۆ و وەزیرەکانی کابینەی حکومەت دەرچووە، تێیدا هاتووە، لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆ بە پێی ماددەی(٥١) لە یاسای چاپەمەنییەکان لە ٣١ی ئابی ١٩٣٩ دا بڕیاری یاساغکردنی ئەو نەخشەی بەناوی( Der Grosse weltatlas)کە لە شاری(لایبزک)چاپکراوە پەسەنکراوە. لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێمەدا(ئەرمەنستان و

کوردستان)ی نیشانداوە.[43] هەروەها لە نوسراوەکەدا هاتووە، بریاری دەستبەسەراگرتنی کۆپییەکانی و قەدەغەکردنی هێنانی بۆناو تورکیا پەسەنکراوە.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی ئەرشیفی کۆماری تورکیادا، کە نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری گشتییە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا، کە بە ژمارە(٣/١٥٥٧) لە بەرواری ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ بە واژۆی عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆک کۆمار و تەواوی وەزیرەکانی کابینەی حکومەت دەرچووە، تێیدا هاتووە، لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ و بە پێی ماددەی(٥١)ی لە یاسای هەموارکراوی ژمارە(٢٦٥٧)ی یاسای چاپەمەنییەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا بریاری قەدەغەکردنی دابەشکردن و هێنانەناوەی پەرتووکی( باربو) کە لە چاپخانەی(نجاح) لە بەغداد چاپکراوە، بۆ ناو خاکی تورکیا و کۆکردنەوەی ئەو نوسخانەی هاتوونەتە ناو تورکیاوە، پەسەند کراوە.[44]

هەروەها بە پێی بەڵگەنامەیەکی فەرمی دیکەی کۆماری تورکیا، کە دەقی بریارنامەیەکە کە بە ژمارە(٣/٣٦٠٦) لە بەرواری ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٤٥ بە وژۆی سەرۆک کۆمار عیسمەت ئینۆنۆ و وەزیرەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا دەرچووە، تێیدا هاتووە، لەسەر ڕاسپاردەی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ و بە پێی ماددەی(٥١) لە یاسایی (٥٦٨٠)ی چاپەمەنییەکان، بریاردراوە پەرتووکی جگەرخوێن بەناوی(جگەرخوێن) کە لە شام بەزمانی کوردی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، سانسۆر بکرێت و نەهێڵرێت بهێنرێتە ناوخاکی تورکیاوە و دەستبەکۆکردنەوەی ئەو نوسخانەیشی بکرێت کە لە بەردەستتدان.[45]

[43] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 88 - 83 – 20.
[44] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 106 - 68 – 19.
[45] BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 110 - 5 – 15.



T. C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

T. C.
BAŞBAKANLIK
MUAMELÂT UMUM MÜDÜRLÜĞÜ
Kararlar Müdürlüğü
Karar sayısı
3
―――
3606

Karar

Şam'da basılmış olan Kürtçe Cegerxwîn " Ciğerhun" adlı kitabın yurda sokulmasının yasak edilmesi ve mevcutlarının toplattırılması; İçişleri Bakanlığının 29/12/1945 tarihli ve 67579 sayılı yazısı üzerine, 1881 sayılı kanunun, 2657 sayılı kanunla değiştirilen, 51 inci maddesine göre, Bakanlar Kurulunun 10/1/1946 tarihli toplantısında kararlaştırılmıştır.

CUMHURBAŞKANI

Başbakan | Adalet Bakanı | Millî Savunma Bakanı | İçişleri Bakanı | Dışişleri Bakanı V.

Maliye Bakanı | Millî Eğitim Bakanı | Bayındırlık Bakanı | Ekonomi Bakanı | Sa. ve So. Y. Bakanı

Gümrük ve Tekel Bakanı | Tarım Bakanı | Ulaştırma Bakanı | Ticaret Bakanı | Çalışma Bakanı

030 18 0 02 110 5 15

بەڵگە 5 بڕیاری قەدەغەکردنی پەرتووکی جگەرخوێن کە لە شام بە کوردی چاپکراوە.

**دەرئەنجام**

یەکەم: کەمالییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بوونی نەتەوە و شوناسی کوردی و کەمە نەتەوەییەکانی دیکە، دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لەساڵی ١٩٢٣ دا، شوناسی تورکییان کرد بە تاکە شوناسی دانپێدانراو و خاوەن مافی کۆمارە تازە

ڕاگەیەنراوەکەیان، لە گۆشەنیگای تورکبوون و تورکچێتییەوە هەم دەستور(١٩٢٤) و هەمیش یاسا گرنگەکانی کۆماری تورکیایان دارشتەوە. هەموو ماددەکانی دەستور و یاساجۆراوجۆرەکانیان خستەخزمەت سیاسەتی تورکچێتییانەوە.

دووەم: کەمالییەکان هەربەوەوە نەوەستان کە شوناسی تورکییان لە کۆمارەکەدا کردبە شوناسی زاڵ و دانپێدانراو، بەڵکو بە توندی کەوتنە سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی شوناسی هەموو ئەوێکی دیکەی نا-تورک و هەوڵدان بۆ توانەوەیان لەناو بۆتەی شوناسی تورکیدا، لە نێوێشیاندا ڕەتکردنەوە و سانسۆر و قەدەغەکردنی شوناسی کوردیی لە باکوری کوردستان و هەوڵدان بۆ توانەوەی پشکی شێری بەرکەوت.

سێیەم: کەمالییەکان لەماوەی ١٩٢٣-١٩٤٥ بە دارشتنی دەستور و ژمارەیەکی بێشومار یاسای ڕەگەزپەرستانەی جۆراوجۆری وەها کە لە خزمەت پرۆسەی سەرکوتکردن و سانسۆر و قەدەغەکردنی شوناسی کوردی دا بێت، بناغەی چەندین ئاستەنگی کونکرێتییان لەبەردەم مافەڕەواکانی کورد لە باکوری کورستاندا دروستکرد، کە ئێستەشی لەگەڵدا بێت ئاستەنگ و ئاڵنگاری گەورەن لەبەردەم بەیانکردنی ئازادانەی شوناسی کورد دا، لەو بەشەی کوردستان.

چوارەم: لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، پرۆسەیەکی سانسۆری سیستماتیکی دەوڵەتی تورکیا هەبووە لەسەر شوناسی کورد لە باکوری کوردستان، واتا نوسین و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی هەر شتیکی پەیوەندیدا بە مێژوو، جوگرافیا، زمان، ئەدەبیات و کلتوری کوردییەوە، لەلایەن دامودەزگا باڵاکانی دەوڵەتەوە سانسۆرکراوە.

پێنجەم: ئەگەر کۆماری تورکیا بییەوێت ئاشەوای لەگەڵ گەلی کورد لە باکوری کوردستان بکات، بییەوێت ئەو جەور و ستەمەی لەسەد ساڵی رابردوودا دەرهەق بە گەلی کورد کوردوویانە هەڵبگرن، سەرەتا دەبێت ئەو دەستوورە تاک شوناسە، بگۆڕێت، کە گەورەترین ئاستەنگی یاساییە لە بەردەم بە فەرمی ناساندنی شوناسی کوردە لە تورکیا.

سەرچاوەکان

یەکەم: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا( BAŞKANLIK CUMHURİYET (ARŞİVİ-(BCA)

BCA. 30-18-01-01 /KALAM-İ MAHSUS MÜDÜRİYETİ / 15-50-10.

BCA. 30.18. 01.01/ KALEM-İ MAHSUS MÜDÜRİYETİ/ 014. 41.13.

BCA. 30-18-1-1 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1920-1928)/ 14 - 48 – 14.

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- )/ 19 - 30 – 2.

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- )/ 29 - 43 – 13.

BCA. 30-10-0-0 / MUAMELAT GENEL MÜDÜRLÜĞÜ/ 110 - 741 – 9. 01

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 47 - 54 – 16.

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 71 - 8 – 6.

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 106 - 68 – 19

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 110 - 5 – 15.

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ).85 - 101 – 14

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ) 86 - 23 – 1

BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 88 - 83 – 20.

دووەم: ڕۆژنامە و پەرتووک و بڵاوکراوەکان( کوردی، عەرەبی، تورکی)

ا. سەرچاوە کوردییەکان:

- ئیبراهیم داقووقی، کوردی تورکیا، وەرگێرانی هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای موکریان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٢.

ب. سەرچاوە عەرەبییەکان:

- بلەچ شیرکوە، القضیة الکردیة ماضی الکرد و حاضرهم، دار ئاراس للطباعة و النشر، ط٢، اربیل ٢٠١١

ج. سەرچاوە تورکییەکان:

Celadet Alî Bedirxan, Mustafa Kemal'e Mektup, Avesta yayınları, 2.baskı 2020 istanbul.

Malmisanıj. Diyarbekirli Cemilpaşazadeler ve Kürt Milliyetçiliği. Avesta Yayınları. 2004. İstanbul.

Selahaddin Bakan Ve Hakan Özdemir, Türkiye’de 1946-1960 Dönemi İktidar-Muhalefet İlişkileri: Cumhuriyet Halk Partisi (Chp) Demokrat Parti (Dp)’Ye Karşi, C.Ü. İktisadi Ve İdari Bilimler Dergisi, Cilt 14, Sayı 1, 2013

رسمی جریدە، تورکیە جمهوریتنک رسمی غزتەسیدر، جمعە ایرتسی، ٢١ شوال ١٣٤٢/ ٢٤ مایس ١٣٤٠، نومرو:٧١، سنە: ٢.

جریدە رسمیە، تورکیە بویوک ملت مجلسی حکومتنک رسمی غزتەسی اولوب شمدیلک هفتەدە بردەفعە نشر اولنور، نومروسی ١، سنە ١. پازار ایرتسی، ٢٨ جمازی الاول ١٣٣٩. ٧ شباط ١٣٣٧.

Resmi Gezete, Sayı 904. 4.haziran 1928, Başvekalet Müdevvenat Matbaası,

Resmi Gezete, Sayı 1867. 8.AĞUSTOS1931 CUMARTESİ, Başvekalet Müdevvenat Matbaası

Resmi Gezete, Sayı.2895. 1.KANUNUSANİ 1935 SALİ , Başvekalet Matbaası

سێیەم: سەرچاوەی ئینتەرنێتیی:

1924 Teşkilat-I Esasiye Kanunu Genel Bilgiler, https://www.tbmm.gov.tr/anayasa/yirmi-dort-teskilati-esasiye-kanunu.

Fahri Bakirci, 1924 Anayasası, https://ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/1924-anayasasi.

İhsan Güneş, Takrir-i Sükûn Kanunu, https://ataturkansiklopedisi.gov.tr/bilgi/takrir-i-sukun-kanunu/ erişim tarihi: 18.12.2024.

Taha Akyol, Tarihi süreçte 1924 Anayasası, https://www.istdergi.com/tarih-belge/tarihi-surecte-1924-anayasasi .

Takriri Sükun Kanunu Nedir ? Takriri Sükun Neden Çıkarıldı ?https://tarihnotum.com/turkiye-tarihi/takriri-sukun-kanunu-nedir-takriri-sukun-neden-cikarildi/

**Censorship of Kurdish Identity in Northern Kurdistan**

**From the Archives of the Turkish Republic1923-1945**

**Dr. Saman Mustafa Rashid Injagha**

The new Republic of Turkey was established in 1923 on the remains of the multicultural, multi-ethnic, multilingual, and multinational Ottoman Empire. This new state did not acknowledge the distinct identities of its constituent ethnic groups including Kurds, Armenians, and Circassians. Instead, it established Turkish ethnicity, identity, and language as the sole identity of the state, creating a melting pot and attempting to assimilate all other distinct identities into the Turkish identity.

We have numerous Turkish Republic documents at our disposal that are specifically related to decisions to censor Kurdish identity (language, history, and Kurdish literature) in the new Turkish Republic. Therefore, this research aims to investigate the issue of censorship and prohibition of Kurdish identity during the specified period in that country, in light of Turkish Republic documents, constitution, and laws. The research adopts a historical research methodology for writing its sections. The research is divided into two main chapters: the first chapter discusses the censorship of Kurdish identity in Northern Kurdistan from 1923-1938, and the second chapter covers the censorship of Kurdish identity in Northern Kurdistan from 1938-1945.

**Keywords:** Turkish Republic, Kemalists, Single Identity, Kurdish Identity, Censorship and Prohibition.

sjh@univsul.edu.iq

# رقابة الهوية الكردية في شمال كردستان من وثائق أرشيف الجمهورية التركية

# 1945-1923

**د. سامان مصطفى رشيد إنجاغا**

الملخص:

تأسست جمهورية تركيا الجديدة في عام 1923 على أنقاض الإمبراطورية العثمانية متعددة الثقافات والأعراق واللغات والقوميات. لم تعترف هذه الدولة الجديدة بالهويات المميزة للمجموعات العرقية المكونة لها بما في ذلك الأكراد والأرمن والشركس. بدلا من ذلك، أسست العرق والهوية واللغة التركية كهوية وحيدة للدولة، مما خلق بوتقة انصهار وحاولت استيعاب جميع الهويات المميزة الأخرى في الهوية التركية.

لدينا العديد من وثائق الجمهورية التركية تحت تصرفنا والتي تتعلق تحديدا بقرارات رقابة الهوية الكردية(اللغة والتاريخ والأدب الكردي) في الجمهورية التركية الجديدة. لذلك، يهدف هذا البحث إلى التحقيق في مسألة الرقابة وحظر الهوية الكردية خلال الفترة المحددة في ذلك البلد، في ضوء وثائق ودستور وقوانين الجمهورية التركية. يتبنى البحث منهجية البحث التاريخي لكتابة أقسامه. ينقسم البحث إلى فصلين رئيسيين: يناقش الفصل الأول رقابة الهوية الكردية في شمال كردستان من 1923-1938، ويغطي الفصل الثاني رقابة الهوية الكردية في شمال كردستان من 1938-1945.

**الكلمات المفتاحية:** الجمهورية التركية، الكماليون، الهوية الأحادية، الهوية الكردية، الرقابة والحظر.

sjh@univsul.edu.iq